ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK




## هاوڕامانی

زۆر دەمێکە هەستم بە جیاوازی نێوان بۆچوونەکانی خۆم و دیتران کردووە، بەوهۆیەشەوە هەوڵمداوە کە راستویژانە رامانەکانی خۆم لە رێگەی بڵاکراوەو پێگەی ئینتەرنێتدا ئاشکرا بکەم، ئەگەرچی بەهۆی ئەو رامانانەوە گرفت و کێشە بۆ خۆم و بۆ حزبی رزگاریی کوردستان دروست کراون و گوشاری هەمە لایەنە دەکار کراون، بەڵام من هەمیشە شانازیم بە رامانەکانم کردووە، ئەگەر نەڵێم هەر هەموویان، دەتوانم بڵێم زۆربەی هەرە زۆریان لە واری کرداریدا سەراست بوونەتەوە، دوای من کەسانی دیکەش بە ئاکام گەیشتوون، بە درەنگەوە هەمان رای منیان دووپات کردۆتەوە، بەمەش خۆشحاڵیان کردووم.

ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٣ من راشکاوانە رامگەیاند کە شەڕی نێوەخۆ بەڕێوەیە، دەبێ هەوڵ بدرێ بەری پێبگیرێ، بەڵام زۆرێک لە سیاسەتمەداران و چاودێران گاڵتەیان پێدەهات، سەرەنجام شەڕ هەڵایسا.

لەدەستپێکی هەڵایسانی شەڕی براکوژیدا من پێموابوو کە تا کۆتایی ساڵی ١٩٩٦ بەردەوام دەبێ، ئەم بۆچوونەم لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراواندا باس کرد، کاک عەدنان موفتی کە ئێستا سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە، دڵسۆزانە رێنوێنی و ئامۆژگاری کردم! تا پەژیوان ببمەوە، چونکە ئەو دەیگوت لە چەند رۆژێکدا کۆتایی دێ!

من لە کۆبوونەوەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کە بەسەرپەرشتی رێزدار مام جەلال لە کۆتایی ٢٠٠٢دا بەڕێوەچوو، وێڕای ئەوەی کە هەندێک پێیانوابوو ئەمریکا هێرش بۆ سەر سەدام ناکات، بەڵام من دڵنیابووم کە ئەمریکا شەڕی سەدام دەکاو دەیڕوخێنێ، بۆیە پێشنیارم کرد تا ئێمەی کوردستانی کار بۆ پێکهێنانی نیشتمانێکی سەربەخۆ بکەین، لەبەرانبەر بۆچونی ئەوانەی کە دەیانگوت تورکیا دێ و داگیرمان دەکات، من پێموابوو دەتوانین رێگری لە هاتنی تورک بکەین، دواین ئۆپەراسیۆنی تورک بۆ ناو باشووری کوردستان کە بە شکست و هەڵاتن کۆتابوو، بۆچوونەکەمی سەلماندوخۆشحاڵ بووم.

لەگەڵ روخاندنی سەدام من خوازیاربووم کە سەرکردایەتی کورد خۆی بە دامەزراندنەوەی عێراق خەریک نەکات، کەچوونە بەغدادیش، داوام لێکردن بۆ کوردستان بگەڕێنەوە، ئەوان جێگیرکردنی برگەی ٥٨ و ماددەی ١٤٠یان پێشان داین، کەچی هەر لە دەستپێکدا پێموابوو کە ١٤٠ کڵاوێکە لە سەر کورد نراوەو لە کاتی خۆیدا جێبەجێ ناکرێ، بەوهۆیەشەوە دژایەتی زۆرم کرا، سەرەنجام بینیمان کە چ کڵاوێکمان بۆ دروابوو.

من زۆر دەمێکە داوای چاو خشاندنەوە بە کارەکانی رابردووی لیستی هاوپەیمانی کوردستان و کارنامەی سەرکردە دەکەم، ئێستا وتەبێژی ئەو لیستە هەمان داوا دەکات.

لەکاتی پێکهێنانی کابینەی چل و چەند وەزیری، من رەخنەم گرت و داوای کەم کردنەوەم کرد، ئێستا بەناچاری کەمیان دەکەنەوە.

لەگەڵ پێکهێنانی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکان رامانی خۆم دیارکردو بە مردارکردنەوەی دیموکراسی و سەربڕینی ئازادیم دانا، ئۆخەی ئێستا هەمووان بەو ئاکامە گەیشتوون کە هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەنجوومەنە لەبەرژەوەندی گشتی دایە.

هەرچەندە زۆر بۆچوونی دیکەش ماون بۆ ئاماژە پێکردن، بەڵام ئێستا ئاسوودەم کە دەبینم هاوڕام بۆ پەیدا دەبن.

لە دویماهیشدا دەڵێم: ئەم حکومەتە بیەوێ و نەیەوێ هەر ئۆپۆزیسیۆنی بۆ پەیدا دەبێ، بۆیە باشتروایە هێندە دژایەتی ئەو هێزانە نەکات کە باس لە ئۆپۆزیسیۆن بوون و بنبڕکردنی دیاردەی گەندەڵی و ئاشکراکردنی سامانی بەرپرسان دەکەن.

**رێکار ئەحمەد**
rekarahmed@hotmail.com
www.rekar.org

# هێلین فیلمێک لەسەر دەروونی ژن




**هێلین** کورتە فیلمێکی ١٤ خولەکییە، هونەرمەند خەدیجە تەلجی رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێرێ، لە دەرهێنان و سیناریۆی سیبەل ئاکولاک و وێنەگرتنی رۆدی و مۆزیکی مستەفا بیبەرە، ناخی ژنێک ئاشکرا دەکات کە دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر.

فیلمی هێلین سەرەتا لە ئەڵمانیا، دواتر لە هەردوو شاری ئەنکاراو ئیستەنبۆلی تورکیا پیشاندراوە، بڕیاریش وایە لە شارەکانی وان و دەرسیمی باکوری کوردستان پیشان بدرێ.

هێلین رەنگدانەوەی ئەو رووداوانەیە کە لە کوردستان و تورکیادا دەرهەق بە ژنان ئەنجام دەدرێ و بەزۆرەکی دەستدرێژیان لێ دەکرێ، دەرهێنەریش لەژێر کاریگەی ئەو کارەساتانەدا ئەم فیلمەی بەرهەم هێناوە.

هێلین چونکە دەستدرێژی کراوەتەسەر ئیدی پێوەندی خۆی دەگەڵ کەسانی دەورووبەری بڕیوەو دەیەوێ بە تەنیا لەو شوێنە بژی کە بۆخۆی دروستی کردوە.

هێلین لە ژوورەکەیدا لەگەڵ وێنەکانیدا دەژی، نیگار دەکێشێ، سەرەنجام خۆشی دەچێتە نێو وێنە هەڵواسراوەکانەوە، بینەر هەست بە خۆکوشتنی ژنەکە دەکات، بەڵام دەرهێنەر دەڵێ 'نا' هێلین خۆی ناکوژێ، بەڵام چونکە بەخوێن و جەستەی خۆی وێنەکانی بەرهەم هێناوە، ئیدی دەچێتە ناو وێنەکانەوە.

# نەتەوەی دای ڤێستڤاڵی ئاوڕشاندن بەڕێوە دەبەن

نەتەوەی **دای** هەموو ساڵێک بەبۆنەی سەری ساڵی نویی خۆیانەوە ڤێستڤاڵی ئاو بەڕێوەدەبەن، لەو ڤێشتڤاڵەدا ئاو دەرشێنن و یەکتر تەڕ دەکەن.

دانیشتوانی جینگهۆنگی ناوچەی شیشوانگبانناى هەرێمی یۆننانی باشووری خۆرهەڵاتی وڵاتی چین کە هەرێمی خۆجێی زۆرینەی نەتەوەی'**دای**'یە ساڵانە لە ١٢ تا ١٨ی نیسان ئەو ڤێستڤاڵە بەڕێوەدەبەن. بڕیاروایە کە ئەمساڵ بەبۆنەی هاتنی ساڵی ١٣٦٧ بە رۆژمێری ئەو نەتەوەیە دانیشتووانی جینگهۆنگ و ئەو کەسانەی کە سەردانی ئەو هەرێمە دەکەن ڤێستڤاڵێکی کەموێنە بەڕێوەببەن.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەو نەتەوەیە ئەو ڤێستڤاڵە لەژێر ناوی خۆشووشتنی **بوزا**دا بەڕێوەدەبەن، هەرچەندە کە ئەفسانەی جۆراوجۆر سەبارەت بەو ڤێستڤاڵە هەیەو تۆزێکیش لە ئەفسانەی زوحاک نزیکە، بەڵام زۆرینە لەسەر ئەوە هاوڕان کە کاتی خۆی کەسێکی شەڕانگێز لە یەکێک لە گوندەکانی نەتەوەی دای دا هەبووە، لە گەندەڵیدا ژیاوەو نغرۆ بووە، هەرچەندە کە خەڵکە لێی بێزاربوونەو رقیان لێ بۆتەوە، بەڵام ئەو بە سیحرەکانی خۆی بەسەر خەڵکەکە زاڵ کردووە، چونکە سیحرەکانی بەهێزبوونە، بەڵام رۆژێکیان حەوتەمین ژنی ئەو کەسە شەرانگێزە کە لە گوندەکەوە رفاندبووی، خاڵی لاوازی شەڕانگێزەکە دەدۆزێتەوەو پەی بەوە دەبات کە تەنیا بە پرچی خۆی دەخنکێنێ، ئیدی لەگەڵ شەش هەویکەی رێکدەکەوێ کاتێ مێردەکەیان دەخەوێ بە قژەکەی دەیخنکێنن، بەڵام گرفت ئەوە دەبێ کەنابێ سەرەکە بەر زەوی بکەوێ، چونکە ئاگری لێدەکەوێتەوە، تەنیاش بەوە دادەمرکێتەوە کە یەکێک لە ژنەکانی بە توندی لەنێو دەستی خۆی دا بیگرێ، بەو شێوەیە دەبوایە هەر ساڵەو یەکێک لە ژنەکانی ئەو کەڵلە سەرە براوە لە نێو دەستیان دابێ، خەڵکەکەش دەبوایە بە درێژایی ئەو ساڵە بەردەوام ئاوی پێدا بکەن تا لە ماندووبوونی ژنەکە کەم بکەنەوە، ئیدی دواتر شێوازی خۆشحاڵی وەرگرت، بوو بە رۆژی ماڵئاوایی کردن لە ساڵی کۆن و پێشوازی کردن لە ساڵی نوێ!!

ئێستا بەهۆی ئەو ئەفسانەیەوە لەیەکەمین هەفتەی ساڵی نوێدا نەتەوەی دای ڤێستڤاڵی ئاوپێداکردن 'ئاوڕشاندن' ساز دەکەن، ئاهەنگ و شادی دەگێڕن.

رۆژەکانی ئەم ڤێستڤاڵە کە هەشت رۆژ بەردەوام دەکات، بە چالاکی جۆراوجۆر تێپەڕ دەکرێن، چالاکی گۆرانی و هەڵپەڕکێ، پێشبڕکێی بەلەمی تیژرۆ، هەڵفڕاندنی باڵۆنی جۆراوجۆر، یاری فیشەکی ئاگرین و چالاکی رەنگین و شادیهێنی دیکە ئەنجام دەدرێن. بێگومان یاری ئاوپێداکردن لەهەموو چالاکیەکاندا دەبیندرێ، چونکە ئاو لەلای ئەوان نیشانەی پیرۆزی و سەرکەوتن و بەردەوامی ژیان دەگەیەنێ. بۆیە خەڵکە بە درێژایی شەقامەکان و باخچەو گۆڕەپانەکاندا بە چەکی ئاوی سەنگەر لەیەکتر دەگرن، شەڕە ئاو دەکەن، بزەو خەندە لەگەڵ یەکتر دەگۆڕنەوە، هیوای ساڵێکی پڕ خۆشی و بەختەوەری بۆ یەکتر دەخوازن.



# دانیا رووناکی بڵاو دەکاتەوە

بەبۆنەی جەژنی نەورۆزو هاتنی ساڵی نوێی کوردیەوە، هونەرمەند **دانیا** ئەلبومی رووناکی بڵاوکردەوە..

سەرچاوەیەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە هونەرمەندی کورد دانیا بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە ئەلبومی رووناکی بڵاوکردۆتەوە کە حەوت گۆرانی لەخۆ گرتووە.

بەرهەمەکەی دانیا ناوی '**رووناکی**' لێنراوە، لە حەوت تراک بەناوەکانی (رازی نابم، دوعا، وەک دەریابە، عیشق، وەرە لام، لیو، ئاوارە) پێکهاتووە.

یەکێک لە گۆرانیەکانی ئەو بەرهەمە لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە، دەنا ئەوانی دیکە لە تێکستەکانی ئیسماعیل خورماڵی، محەمەد پاکژ و دەرون ئامادەکراون، هەروەها چەند هونەرمەندێک لە ئاوازەکاندا هاوکاریان لەگەڵدا کردووە.




هەرچەندە کە گۆرانیەکانی ناو ئەلبومی رووناکی وەکو دەنگ لە وڵاتی سویدو هۆڵەندا تۆمار کراون، هەروەها چرا تی ڤی بەشێک لەبەرهەمەکانی بڵاو کردۆتەوە، بەڵام تا ئێستا کلیپ نەکراون، لەوانەیە لە داهاتوودا کلیپ بکرێن.

دانیا دەنگێکی تایبەتی هونەری گۆرانی کوردیە، گۆرانی دوعا کە بەهاوبەشی لەگەل دەرون چڕیویەتی ئاماژە بەخەمی پەنگخواردوی کچانی کوردستان دەکات، ئەمەش بوێری و ئازایەتی دەنوێنێ، واش چاوەڕوان دەکرێ کە پێشوازێکی گەرم لە ئەلبومی رووناکی بکرێ. بەوبۆنەیەوە پیرۆزبایی لێدەکەین.

## تاوان



**کاوە حسێن**

دڵنیام کە جاران چۆن بووی
ئێستاش ئەو دڵڕەقەی ئەوسای
لەوەتەی هەم بۆ تۆ ژیام
کەچی تۆ هەر بۆخۆت ژیای

بڕۆ لەگەڵ ئەوژیانەی
کەپێت وایە بەهەشتە بۆت
پیرۆزت بێت ئەو خۆشیەی
کە خۆت هەڵت بژاند بۆ خۆت

تۆ نە خەمێک ئەتهەژێنێ و
نە فرمێسکێک رووحت ئەخوات
دڵێکت هیە زۆر سەیرە
گوێ بەهیچ ئازارێک نادارت
تۆ کەسێکی یەکجار دوو ڕووی
سیماو دڵت زۆر لێک جوودان
رووخسارت پڕ بەرائەتەو کەچی
ناخت پڕ لە تاوان

kawahussen@yahoo.com

# پیاوە دووگیانەکە سێ مانگی دیکە منداڵی دەبێ



هەواڵەکان دەڵێن پیاوێکی ئەمریکی بەناوی تۆماس بێئاتی پیاوێکی ئاوسەو دوای سێ مانگی دیکە منداڵی دەبێ.

بە گوێرەی رۆژنامەیەکی بەریتانی ئێستا ئەو پیاوە دوو گیانە سکی شەش مانگەیەو کچێکی لە ناو سکی دایە.

بەگوێرەی زانیاریەکان کاتی خۆی ئەو مرۆڤە نێرەموک بووە و زیاتر سیمای ژنی هەبووە بەڵام رەفتاری نێرینەی نواندوە، دواتر بەهۆی نەشتەرگەرێکی سووکەوە مەمکەکانی بچووک کردۆتەوە وازی لە رەگەزی مێینە هێناوەو پیاوبوونی خۆی نواندووە و پاشانیش ژنی هێناوە، وێڕای ئەوەی کە ١٠ ساڵ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ژنەکەی بەردەوام دەکات، لەنەبوونی منداڵ نیگەران و هەراسان بووە، بۆیە بە رێککەوتن لەگەڵ هاوسەرەکەی بڕیاری داوە کە ئەو لەناو سکی خۆیدا منداڵێک بەرهەم بهێنێ.

بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئارەزووە، ئەو پیاوە لەگەڵ پزیشکێک رێکدەکەوێ تا سپێرمی کەسیکی نەناسراو لەنێو سکیدا جێگە بکاتەوە. بەوهۆیەوە لەرێگەی دکتۆرەوە سپێرمی کەسێکی نەناسراوی بۆ دەچێندرێ و باردار دەبێ، دواتر لەرێگەی سۆنەرەوە دەردەکەوێ کە کۆرپەکەی کچە، ئێستا تەمەنی ٦ مانگە، بەوپێیە دوای سێ مانگی دیکە منداڵی دەبێ.

تۆماس دەڵێ دکتۆرەکان و خەڵکی دیکە گاڵتەم پێ دەکەن و بە نامۆیی سەیرم دەکەن، بەڵام من هەست بە شەرم ناکەم، چونکە ئاواتم ئەوەیە کە منداڵێکمان هەبێ!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com